

نـاسـانـدن

# رامبۆ دەمرێت

و: کامـەران تاهـیر

پەڕاگەندەیی و ماڵ بەجێ هێشتن بوونەتە مۆرکێک و بە چارەنووسی بنەماڵە و خانەوادەی رامبۆوە شەتەک دراون، هەردەم شێوەی دوورکەوتنەوە لە ماڵی هاوسەرایەتی یاخۆ خانەوادەیی بەخۆوە دەگرێت، ئیدی ئەم خووە هەر لە ساڵی ١٧٩٢ وە بووەتە تاکە میراتێک، کە باوک بۆ کوڕ و، باپیرەش بۆ نەوەکانی جێ هێشتبێت... ئەوەتا "دێدێیە رامبۆ"ی بەرگدروو، کە دەکاتە باپیرەی رامبۆ لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٨١٠ لە "دۆڵ"

له ڕێورەسمی ژن مارەکردندا، ئەو قەواڵە و بەڵگەنامانەی، کە لەم بۆنەیەدا بۆ چەسپاندن و سەلماندنی ناسنامە پێشکێشی دەکات، ئەوە بەدەردەخات، کە "جان - فرانسوا رامبۆ"ی باوکیشی لە پای شەڕو ئاشووبی ژن و مێردایەتیدا، ئەوا نێزیکەی هەژدە ساڵە بێسەروشوێن و بزرە.

فریدیک رامبۆ لەدایکبووی ١٨١٤یەو کوڕی «دێدێیە رامبۆ»یە، کە دەکاتە بابی رامبۆی شاعیر ئەویش هەروەک پیشەی خانەوادەکەیان لە ساڵی «١٨٦٠»ەوە ماڵی ژنومێردایەتی بەجێ دەهێڵێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت و لێیان جیادەبێتەوە، ئەگەر چی لە ٨ی شوباتی ١٨٥٣ «ماری - کاترین - فینالی کوین لەدایکبووی ١٨٢٥» دەبێتە هاوسەری و پێنج منداڵی لێ دەبێ:

«فریدریک» لە دووی تشرینی دووەمی ١٨٥٣ و «جان نیکۆلا ئارتۆر رامبۆ»ی شاعیر لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٨٥٤، هەروەها لە دایکبوونی کچێکیش لە ساڵی ١٨٥٧، کە جگە لە سێ مانگ زێتر نەژیا، «فینالی»ش لە ١٥ی حوزەیرانی ١٨٥٨ و «ئیزابیل»ش لە ١ی حوزەیرانی ١٨٦٠ لە دایک دەبێت... لێ "فریدریک رامبۆ"ی بابیان بەر لەوەی لە ساڵی ١٨٦٠ بۆ یەکجارەکی و هەتاهەتایی بەجێیان بهێڵێت چەندان ساڵ دوورکەوتنەوە و ماڵ بەجێهێشتنی خانەوادەیی بەخۆوە دیبوو! ئەوە بوو لەو هەڵمەتە سەربازییەی کرایە سەر جەزائیر بەپلەی "ئەفسەر" پشکداری تێدا کرد، هەروەسا لە ٤ی ئاداری ١٨٥٥یش تاکو ٢٨ی ئایاری ١٨٥٠ لەو پەلامارداانە سەربازییەی، کە کرایە سەر دورگەی قەرم، بە پلەی "نەقیب" بەشداریی تێدا کرد، لەم پلەیەشدا مایەوە تاکو لە ١١ی ئابی ١٨٦٤ رەزامەندی لەسەر خانەنشینکردنی پەسەند کرا...

کەواتە لێرەوە باوکێکی گومڕا و سەرلێشێواو و هەڵاتوو لە خانەوادەی رامبۆ هەس! هەروەها زارۆکێکی شپرزە و نیگەران و نامۆ و سەرگەردان وێڵ بەدووی بابی لە خانەوادەکەیدا دێتەبوون...

ئەوەتا «ئیزابیل»ی خوشکی بەم شێوەیە دێتە ئاخاوتن دەبێژێت! هەر لە سەردەمی زووی منداڵییەوە بە حەزوخولیا و ئارەزوویەکی بێگەرد و روون و رەوان دەینووسی، رامبۆ هێشتە تەمەنی لە ١٠ ساڵان تێ نەپەڕیبوو، کە سەرنجی ئێمەی بەخوێندنەوەی ئەو پەرتووکە سەیروسەمەرانە دەورووژاند چیرۆک و سەربردەی دەڤەرە نامۆ و نادیار و جۆربەجۆرەکانی لە نێو بیابان و زەریا و چیا و نێزیک رووبارەکان بەخۆوە گرتبوو، کاتێکیش لە خوێندنەوەی

ئەو پەڕتووکانە دەبووەوە، ئاکامیشیان شەت و وەتکردن و دڕاندن بوو، لە لایەکی دیکەوە دەبینین «ئێرنست دیلاها»ی هاوڕێی رامبۆ دێتە گۆ و دەبێژێت: سەفەرکردن و هەڵاتن هەر لە منداڵییەوە و لە تەمەنی حەوت ساڵانەوە خولیا و کەڵکەڵەی سەفەری دوور و درێژ کەوتبووە مێشکییەوە، لەوەتەی شەقامەکانی ئەم شارە ئەندازەیی و رێکوپێکە قیتبوونەوە و بوونەتە گومەز و بەربەست و لەمپەری باهۆز و سەرما و سۆڵە و پێنگاڤە گورجوگۆڵ و بەلەزەکان، رامبۆ لە شەقامەکانی «شارلفێل» بە شێوەیەکی قیت و قۆز پیاسەی دەکرد، بێ ئەوەی ئاوڕ بەلای راست یاخۆ چەپ بداتەوە، ئامێر ئاسا شەقامەکانی تەی دەکرد، بەجەستەیەکی رەپ و رەوان و شکۆمەندانە، چاوەکانیشی جێگیر و بەقووڵدا چووبوون..، ماڵی رامبۆ تەنیا بە بیست مەترێک لەو مۆزەخانەیەی، کە نها بەناوی ئەوەوە نێو نراوە جیا دەبێتەوە، کە رۆژانە لەتەک «دیلاها»ی هاوڕێی ئەم شەقامەیان بەرەو پەیمانگەی شارەوانی بۆ خوێندن دەبڕی «هیچ شتێکی ئاسایی لەم کەللەسەرە نایەتە دەرێ، دەبێ بە بلیمەتێک بۆ چاکەخوازی یاخۆ خراپەکاری» هەڵبەتە بەڕێوەبەری گشتی لە ساڵی ١٨٥٦ بەهەڵەدا نەچووبوو کاتێک ئەم بڕیارە پێشوەختە و ئەم پێشبینییەی بەسەر رامبۆدا دا، بەوەی رامبۆ دەبێتە بلیمەت لە چاکەخوازی یاخۆ خراپەکاری و بەدکاریدا، یاخۆ لە هەردووکیان پێکەوە... بێگومان رامبۆ لە ساڵەکانی دەسپێکی خوێندنیدا لە قوتابخانەی «روسا» هەر لە ساڵی ١٨٦١دا و پەیمانگەی شارەوانیش هەر لە ساڵی ١٨٦٥ لە شارلفێل لە هەرێمی ئەرەدێن لە باکوری رۆژهەڵاتی فەرەنسادا، هەروەک بەڕێوەبەرەکەی پێشبینیی کردبوو، وا دەرچوو، سەرکەوتوو و بلیمەت بوو «چونکە خەڵاتەکانی قوتابخانەی یەک بەدوای یەک بەدەست دەهێنا و بەپلەی یەکەمیش لە ئەزموونەکانی ئەکادیمیای گشتیدا لە ساڵی ١٨٦٩ سەرکەوت» لە ١٨٧٠ش چامە بەراییەکانی هاتە وەشاندن، لەوانەش «دیارییەکانی سەری ساڵی تایبەت بە هەتیوەکان» لە ٢ی کانوونی دووەمیشدا، چامەی "سێ ماچ" لە ١٣ی ئابیشدا چامەی "هەستکردن"، لە نامەیەکیدا کە رۆژی ٢٤ی ئابی هەڵگرتووە.

با پێکەوە بەشێک لە چامەی "هەستکردن" بخوێنینەوە:

**لە شەوانی هاوینی شیندا**

**بە رێگەکان پیاسەم دەکرد**

**گەنم دەنووک لە پێیەکانم دەگرێت**

**پێ بەگژوگیا رسکاوەکەوە دەنێم**

**ئەو دەمەی هەست بە ئاونگی دەکەم**

**نە قسان دەکەم... نە هزر لە هیچ**

**شتێک دەکەمەوە**

**بەڵام ئەوینێکی بێ پایان لە**

**دەروونما پەنگ دەخواتەوە**

**بۆ دوور دەڕۆم.. یەکجار دوور**

**وەک دەربەدەرێک لە ئامێزی سروشتدا**

**دڵشاد وەکو ئەوەی لە ئامێزی ژنێکدابم**

رامبۆ لە تەک شیعرنووسیندا بە سەفەرکردن ئاشنابوو، لەهەمانساڵ و لە دەسپێکدا سەفەرکردن شێوەی دوورکەوتنەوەی بەخۆوە گرتبوو، هەڵاتن و ماڵ بەجێهێشتن، بەر لەوەی ببێتە سەرچڵێتی مەزن و ژیانی پێ سیخناخ بکرێت، لە ٢٩ی ئابی ١٨٧٠ بۆ یەکەمجار تامی ئاوارەبوون دەچێژێت، لە ٧ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵیش دەخرێتە زیندان، بۆ جاری دووەم هەڵدێ و لە برۆکسل دەگیرسێتەوە، لەمڕۆ بەدواوە ئیدی پێیەکانی ئۆقرەو سرەوتن و ئارامگرتن بەخۆوە ناگرن، لێ لە هەڵاتنی دووەمین جاریدا دایکی داوای کۆمەک و یارمەتیدانی لە پۆلیس کرد، بۆ ئەوەی بۆ ماڵ بگەڕێتەوە... رامبۆش لەم بارەیەوە دەبێژێت: «ئەز لەم چوارچێوە سارد و نەگریس و تژی لە خەمدا دەمرم و، ئەندامەکانم لە سۆنگەی چەوت و چەوێڵی رووکەشیدا لێک دەترازێن، دەتەوێ چی بکەم، هەتانهاش هەر مکوڕم لەسەر پەرستنی سەربەستی رەها»... لەجاری سێیەمدا دەمژمێرەکەی دەستی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی بە پاریس رابگات و لەوێندەر ژیان بە پەرەوازەیی و تەنیایی، ونبوون و گومڕایی و، بێ پارە و پوول بەسەر بەرێت، بەدووی بەرماوەی خواردنەکانی نێو بەرمیلی زبڵەکاندا دەگەڕێت، لە ژێر پردەکانیش دەنوێت و رۆژدەکاتەوە، دووردوور وەک دەربەدەرێک دەڕوات، کە بادەی سەربەستی تاکو سەرمەستی بنۆشێت؛ بۆ شارلفێل، بۆ بێزاری و وەڕسبوون، تاوگیری و سەرسەختی، تووڕەبوون و نیگەرانی دەگەڕێتەوە، لەمڕۆ بەدواوەش پێیەکانی ئارامبوون بەخۆیانەوە ناگرن.. لە نامەیەکیشدا، کە لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٨٧٠ نووسیوەیەتی دەڵێت: بە ئاوایەکی بێ پەروا مکوڕ و ئاوداڵی سەربەستی بێ پایان دەبم»... ئەی ئەوە نییە لە چامەی "باڕی سەوز"دا لە ساتەکانی دەمەو ئێوارەی تشرینی یەکەم ١٨٧٠ دەڵێت: «بەر لە هەشت رۆژ پێڵاوەکانم دڕاند.



**لەسەر زیخ و چەوی ڕێگەکان**
**بۆ شارلروا دەگەڕامەوە**
**لە بارە سەوزەکەدا بابووڵەی لەتە**
**گۆشتی بە کەرە و**
**جامبونای نیمچە ساردم خواست**
**پێیەکانم لە ژێر مێزە کەسکەکەدا**
**درێژکرد و**
**دڵشاد بووم»**

هەروەها دیسان لە چامەیەکی دی، کە بۆ هەمان ساڵ دەگەڕێتەوە دەبێژێت:

**دەستەکانم لە نێو گیرفانە**
**دڕاوەکانم ئاخنی بوو**
**پیاسەم دەکرد**
**چاکەتەکەشم کۆن بوو بوو و**
**نەدەبینرا**
**لە پانتۆڵە تاقانەکەشم**
**کونێکی بەرین هەبوو**
**لە کاتی هاموشۆکردندا**
**زێدەڕۆیم لە سەرواکان**
**دەکرد»**

رامبۆ لە شارلفێل جاڕسەو ڕووناکی و ڕۆشنایی «پاریس»یش پەلکێشی دەکات، ئاخۆ بۆ جاری چوارەم لە هەر دوو مانگی نیسان و ئایاری ١٨٧١ بۆ شارلفێل دەگەڕێتەوە؟ بۆ پشکداریکردن لەو تیپە سەربازییە شۆڕشگێڕانەی بۆ پاراستنی

"کۆمـۆنـەی پاریس" دامــەزرابوو.. لێ تاکـو نـهـاش بـۆ ئەم پرسـیـاره هیچ بەرسـڤـێکی یەکلاکەرەوە نییە، ئەویش لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی سەلێنەر یاخۆ دڵنیاکەر، ئەگەرچی ئەم پرسـەش بـووە مـایەی سـەرهـەڵدانی مـشـتـومـڕێکی توندوتیـژ دەربـارەی لایەنە شـاراوە و نادیارەکـانی ژیانی رامبـۆ، کە تەمومـژێکی زۆر لە خـۆ دەگـرێت... بەڵام **رامبۆ لەبەرچاوی خەڵکان لەسـەر دیوارەکانی شارلفێل دەینووسی! "گەل لە ئامادەباشیدایە و چەکی تیژە»،** خەڵک بەم کاروکردەوانە لە جەربەزەیی رامبۆ سەریان سڕمابوو... "کۆمۆنە" چەند چامەیەکە لەو ساتە و گاڤە دژوار و ناسکانەدا نووسراوە، کە جەخت دەکاتە سەر هەندێ لایەنی ژیانی ئەو دەمــە و حــەز و ئارەزووی روون و ئاشکرای بۆ پاڵەوان و شــۆڕشگێـڕانی «کـۆمـۆنەی پاریس» بەدەردەخات، لەوانەش «سرووودی پاریس بۆ جەنگ، ئایدی جان مـارێ. پاریس سەر لەنوێ را دەبێ.

پاشان لە شیعر و سەفەرکردن دادەبڕێت و... واز لە شارلفێل دەهێنێت، بۆ ئەوەی ژیانی دەربەدەری و بۆهیـمی لە گـەڕەکی لاتینی لە پاریس بەسـەر ببـات.. ئا ئەوەتا "پۆل فـرلین"ی هاوڕێی لە دایکبووی ١٨٤٤ لە نامەیەکدا لە رامبۆ دەخـوازێت کە سـەردانی پاریس بکات: «وەرە ئەی دەروونی بڵند و کەڵەگەت، ئێمە چاوەڕوانتین»، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوین و ناکۆکی لەگەڵ «پۆل فرلین»ی هاوڕێی درێژەی هەبوو، هەر لە هەمان ماوەشدا بوو چامە بەنێوبانگ و ناسـراوەکـانی لەژێر نـاوی "پەیامـەکـانی بینـەر"ی نووسی، بەڵام ئەم چامـانەی، کـە دێن «شاعیرەکان لە تەمەنی حەوت ساڵیدا»، «پاپۆڕی سەرخۆشی»، «ئەوانەی دەربارەی گوڵان بە شاعیر دەڵێن "پیتە دەنگییەکان".. با پێکەوە چەند دێرێک لە چامەی "شاعیرەکان لە تەمەنی حەوت سـاڵیدا" بخوێنینەوە، کە چەند چمکێکی ژیانی رامبۆ لە نێوان ساڵانی (١٨٦٠ – ١٨٦٢) رۆشن دەکاتەوە، ئەو دەمـەی، کە خانەوادەکەی لە شـەقامی "بۆربون"ی شارلفێل، کە یەکێکە لە شـەقامە هەژارنشینەکان دەژیان، بە درێژایی رۆژگار و گاڤان ئارەقەی ملکەچی هـەڵدەڕشت»، "شـــارلفــێل"ی تەنگەبەر و تەسک وتریسک نەیدەتوانی پایە هاروهـاج و لاسارەکانی تێیدا جێگەی ببێتەوە و بحەوێتەوە، نەدەشیتوانی نیگا گەرم و گوڕەکانی تێیدا بحەسێتەوە، لەوێوە سەری خۆی هەڵدەگرت وڤێجا دەگەڕایەوە، نەک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشـەیی تێیدا بمێنێتەوە چونکە دەیویست لە سـەرزەنشتکردنە بەردەوامـەکانی دایکی دووربکەوێتەوە، خەونیشی بە دنیایەکی دیکەوە دەبینی، جیهانێکی تەلیسماوی و پرشنگدار، کە لە درەوشانەوەیدا چامەی دەویست، دوای ئەوەی رامبۆ چەند مانگێک لە پاریس مایەوە، سـەرلەنوێ بـۆ هـەرێمی «لاردین» دەگـەڕێتـەوە، لە نێـوان ١٠ی ئەیلوولی ١٨٧١ و سـەرەتای

ئازاری ١٨٧٢ پۆل فـرلینی هاوڕێی خەریک بوو، هاوسەرەکەی بخنکێنێت، هەر لەو بارەیەوە لەو کاتەدا بوو، کە چامەی «جۆگەلەی کەناڵ، بەزمەساتەکان، جەژنەکانی ئارام»ی نووسی، لە مانگی ئایار بۆ پاریس دەگەڕێتەوە، لە ٧ی تەمووزی هەمان ساڵ پێکەوە لەگەڵ فرلینی روویان کردە بەلجیکا و لەوێشەوە بەرەو ئینگلترە، بەڵام بۆ شارلفێل تاکو مانگی کانوونی یەکەم ناگەڕێتەوە، دووبارە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٧٣ بەرەو لەندەن دەگەڕێتەوە، بۆ جاری سێیەمیش لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ دەگەڵ فرلین بە بەردەوامی دەمێنێتەوە، لە نێوان ئەم دوو گەشتەدا رامبۆ دەستی بە نووسینی چامەی «کەژێک لە دۆزەخ»دا کرد.

**رامبۆ لەبەرچاوی خەڵکان لەسەر دیوارەکانی شارلفێل دەینووسی! "گەل لە ئامادەباشیدایە و چەکی تیژە**

کلۆڵی و ناکۆکی لەنێوان هەردوو شاعیر سەری هەڵدا، هەروەها خوێن و گوللەش دێتە ئاراوە، ئەوە بوو «فرلین» بەرەو برۆکسل هەڵدێت... لە ٤ی تەمووز رامبۆ نامەیەکی بۆ رەوانە دەکات: بگەڕێرەوە، بگەڕێرەوە، ئەی هاوڕێ ئازیزەکەم، ئەی هاوڕێ تاک و تەنیاکەم، بگەڕێرەوە، رامبۆ ئۆقرە بە خۆی ناگرێ و دەچێتە لای، بەڵام ئەفسووس لە ١٠ی تەمووز «پۆل فرلین» دوو گوللە لە دەمانچەکەیەوە بە «ڕامبۆ»وە دەنێت... باسکی دەپێکێت، فرلین بەند دەکرێت... رامبۆش بۆ نەخۆشخانە دەگوێزرێتەوە، لە مانگی یەک رامبۆ لە نووسینی چامەی «کەژێک لە دۆزەخ» دەبێتەوە، ڤێجا لە برۆکسل رێگەی چاپکردن دەگرێتەبەر، لێ لەو تاک و تەنیا دیوانەی «کەژێک لە دۆزەخ» کە هەر بەخۆی بەچاپی گەیاند، لە چەند دانەیەک بەولاوە ئیدی زێتری چنگ نەکەوت هەروەکو کاتی خۆی یەکێک لەوانەی، کە دانەیەکی بەرکەوتووە جەختی لەسەر دەکات و دەڵێت: بەشێوەیەکی بێ دەربەستانە ئەم چەند دانە کەمەیش بەسەر چەند برادەرێکی دابەشییەوە، لە ٢٥ی ئازاری ١٨٧٤ جارێکی تریش بۆ

**لە «کۆپنهاگن» وەک کرێکارێک لە سێرک کاردەکات، بۆ شارلفێل نەگەڕایەوە تەنیا لە مانگی ئەیلوول نەبێ، دواتر لەوپەڕی نەرویج لە باکوردا دەستی بەدەرۆزەکردن کر**

لەندەن دەگـەڕێتـەوە بۆ ئـەوەی «پـسـووڵەی خـوێندنەوە» لە مـۆزەخـانەی بریتـانی وەدەست بـهێنێت، لە چەند، مـانگێکیشـدا توانیی چەند کۆپلـەیەک لە چامـەی «درەوشـانەوە» لەبەر بگرێتەوە.

لە دوای فێربوونی زمـانی ئینگلیزیش، لە شتۆتگارت لە سەرەتای ١٤ی شوباتی ١٨٧٥د فـێری زمـانی ئـەڵمـانی دەبێ، لە کۆتای نیـسـانیش شـتـۆتگارت جێ دەهێڵـێت، سـویسـرا و شـاخەکانی ئەلپ دەبڕێت، بەرەو مـیلانۆ لە ئیتاڵیا مل دەنێت و هـەر لەوێش دەگیرسـێتـەوە، ئەوە یەکـەمین جارە، کە نەخـۆش دەکەوێت، یەکەمین بـەرەنگاربوونەوەشـە دەگـەڵ جەسـتـەی شـەکـەت و مـاندووی تژی لە سـەفـەرکـردن و نـەسـرەوتـندا... ئیـدی نەیتـوانی درێژە بە سەفەرەکەی بەرەو باشووری ئیتاڵیا بدات.

ئا ئەوەتانێ کـونسـڵـخانەی فـرەنسی لەسـەر خـەرجی تایبـەتی خـۆی بۆ «مـەرسـیلیـا»ی دەگوازێتەوە،... سەرمـاوسۆڵەی شـارلفێل سـەخت و دژوارە، تەمـومژیش درەخـتەکانـی سـەر کەناری «ئالمۆزی» نقوم دەکرد... لەبەرئەوە رامـبۆ خۆی گۆشـەگیر و لاتەریک دەکات... یەک لە دوای یەکـیش فـێری چەنـدین زمـان دەبێ هـەر لەم زسـتـانە تەڕوتووشـەدا رامـبۆ فـێری عەرەبی بوو، لە سالانی (١٨٧٦ – ١٨٧٧) رامبۆ مـاندووبوون و کۆژانی سەفەری هەست پێ کـرد، لە نیـسـانی ١٨٧٦ لە ڤـیـینا دزی لێ دەکـەن و لە نەمـسـاش وەدەردەنرێت، لە ١٩ی ئایاری هـەمان ساڵدا دەچێتە ریزی سوپای هۆڵەندی و کۆشـشی خۆی دووبارە دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە ریزی «کەشتیگەلی» ئەمـەریکایی لە شاری «برسیم» وەربگیرێت، لە حوزەیراندا، ناوی بەفـەرمـی وەک دەریاوانێک تۆمـار دەکرێت، ڤـێـجا **لە «کۆپنهاگن» وەک کـرێکارێک لە سێرک کاردەکات**، بۆ شـارلفێل نەگەڕایەوە تەنیا لە مـانگی ئەیلوول نەبێ، **دواتر لەوپەڕی نەرویج لە باکوردا دەستی بەدەرۆزەکردن کرد**، لە پاشاندا بنەو بارگەی خۆی لە مرسیلییا و رۆمـا تێکناو، لە سـاڵی ١٨٧٨ درێژەی بەگـەشت و سـەفـەرەکـانی نێـو ئەوروپای دا... بۆ ماوەیەک لـە هامبۆرگ و سـویسرا گیرسـایەوە، ڤێجا لە «جەنوا» لەوێشـەوە بەدەریادا بەرەو ئەسکەندەرییە بۆ مـیسر هەڵکشا، ئیدی سەفەرە سـەخت و پڕ لە ئازار و دوور و درێژەکانی رامـبۆ دەست پـێ دەکات... کە بەرەو قـوبرس، عـەدەن، هـیـرەر، جـیـبـۆتی مل دەنێت، کـە لە ساڵی ١٨٧٩ تاکو ساڵی ١٨٩١ دەخایەنێت.

سەرچاوە:کۆواری «اسفار» ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٨٥